



# ئێکسسوارە زیووەکان لە ملوانکەکان

ئێکسسوارەکان لە جوانترین شێوەکان دەبێتە مۆدەیەکـــی تایبەت و رازاوە لە جەســـتەی خانمان، بە تایبەت ئەوانەی زیاتر دەردەکەون و شێوەیەکی تایبەت لە خۆ دەگرن، یەکێك لە ئێکسسوارە بەرچاوەکان بریتییە لە (ملوانکە)، کە یەکێکە لە جوانترین و سەرنجڕاکێشترین جۆرەکانی ئێکســـــوارەکان، چونکە شێوەی دەردەکەوێ لە نزیکەوە، ئەمەش وادەکات کە مۆدەیەکی کراوە و ناسك ببەخشێت.

یەکێك لـــە ئێکســـــوارەکان، بریتییە لە ئێکســـــواری (زیوو)، کە دەکرێ جوانترین و ناســـکترین مـــۆدە ببەخشـــێ، تەنانەت وادەکات کە جوانی و ناســـکی لە مۆدەی ملوانکە زیـــووەکان دەربکەوێ، ئەمەش لە جوانـــی رەنگەکەیەتی کە لەگەڵ پێســـتی خانمان دەگونجێ و جوانی زیوو لە شێوازی بـــە بریقەبوونیەتی، ئەمـــەش وادەکات وەك مۆدەیەکی رازاوە و ناسك لە نزیك و دوورەوە دەربکـــەوێ، لە نزیکـــەوە جوانییەکی کراوە و رازاوە دەبەخشـــن، ئەمەش دەبێتە جوانی مۆدەی ئێکسسوارە زیووەکان.



# تێکەڵی نێوان تەسریحە

**سالۆن حەنان دەشتی / ئیمارات**

**تەسریحەکان لە چەندین جۆر و شێوازی تایبەت دادەنرێـــن، ئەمـــەش وادەکات خانمان هەر یەکە جۆرێك لەو ستایلانەی تەسریحەکان هەڵبژێرێت و بۆ ئـــەوەی لەســـەر قـــژی وەك مۆدیەکی شایستە دابنرێ، بەمەش هەر یەکە لە مۆدەکان شـــێوازێکی جـــوان و تایبەت لە خـــۆ دەگرێ، بـــەڵام دەبێ خانمـــان بزانن چ جۆرە ســـتایلێك یان تەســـریحەیەك لە قژیان دەوەشێتەوە، ئەمەش وادەکات کە جوانییەکی کراوە و ناسك ببەخشێ و لە نزیکەوە جوانییەکی گەورە ببەخشێ.**

# مۆدەیەکی شایستە لە جوانکاری لێو

شێوازێکی ناسك و بە بریقە لە دانانی ماکیاژ و رەنگی لێو، کە بە جوانییەکی گەورە و ناســـکەوە دەردەکەوێ، تەنانەت بوونی بریقەکان لەســـەر لێو، یەکێکە لە مۆدە ناســـکەکان، دانانی هێلکارییەکی کـــراوە و ناســـك وەك یەکێـــك لە مۆدە تایبەتەکان دەبێ، دەرخستنی گرێییەکانی سەر لێوەکان ئێستا دەبێتە یەکێك لە مۆدەکانی جوانکاری لێو.

مـــۆدەی لەمجـــۆرە لەگـــەڵ رێژەیەکـــی تایبەت و ناســـك لە مۆدەکان دەردەکەوێ و ئەمەش ســـەرەتا دەبـــێ رەنگەکان لێبدەیـــن و دواتر دانانـــی هێلکاری و مـــاددەی بـــە بریقەکردنـــی لێـــوەکان کـــە یەکێـــك دەبـــێ لـــە سەرنجڕاکێشترین مۆدەکان.



# جلە تەسکەکان بۆ وەرزی هاوین









جلوبەرگەکان بە جوانی و رازاوەیی لە جەستەی خانمان دەردەکەون، ئەمەش دەبێ لە ڕێگەی دانانی ئەو ستایلە تایبەتەی کە لە ڕێگەی جلەکانەوە دادەنرێ، بەڵام دەبێ گونجاندن و ئامادەکردنی جلەکان بەپێی مۆدەیەکی تایبەت و کراوە بێ، بە تایبەت ئەگەر بێت و جلەکان لە شێوەی جیاوازدا دابنرێن، مەبەست هەر یەکە لە شێوەیەکی کراوە جیاوازی هەبێ لە نێوان جلەکان.

یەکێك لە مۆدە جوان و ناسکەکان، بریتییە لە جلە تەسکەکان، یان ئەوانەی بە بۆدی ناسراون کە جەستە دەگرێ، مۆدەکانی لەمجۆرە سەرنجڕاکێشی و کراوەیی پێوە دیار دەبێ، تەنانەت شێوەیەکی کراوە و جەستە دەردەخات، مۆدەی لەمجۆرە لەگەڵ کەش و جۆری مۆدەکانی کوردستان دەگونجێ و دەکرێ سوودیان لێوە وەربگیرێت.

# مۆدەیەکی جوان لە ماکیاژی چاوەکان







ماکیاژی چاوەکان بەپێ ئەو جۆرە ڕێگەیە دەردەکەوێ کە چۆن کاری بۆ دەکرێ، تەنانەت دەبێ شێوازێکی ماکیاژەکە لەگەڵ جوانی و ناسکی ماکیاژی رووخسار و رەنگی چاوەکان بگونجێ، شێوازی دانانی ماکیاژی چاوەکان بە چەندین ڕێگەی جوان و تایبەت دادەنرێ، بەمەش دەبێتە یەکێك لە مۆدە جوانەکان، ماکیاژی چاوەکان لە جوانی و رازاوەیی رەنگەکان و دانانی هێلکاری و ماسکارای برژانگەکان دەردەکەوێ.

دەکرێ چەندین رەنگی جیاواز لە ماکیاژی چاوەکان بەکاربهێنرێ، ئەمەش لە ڕێگەی دانانی شێوازە جوانەکان بۆ پشت چاوەکان، کە دەبێ رەنگێکی جیاواز بێ لە رەنگی ژێرەوەی چاوەکان، زیاتر رەنگی ژێرەوەی چاوەکان لەگەڵ رەنگی چاو ڕێکدەخرێت، بۆیە دەبێ ئەو لایەنانە ئاگادار بین کاتێك ماکیاژێك بۆ چاوەکان دادەنێن، بەمەش یەکێك لە جوانترین مۆدەکانی ماکیاژی چاوەکان دادەنێن.



# و مۆدەی بڕینی قژ

یەکێك لە تەسریحە جوانەکان بریتییە لە تەسریحەی قژی لوس، یان ئەوەی بە سەرح ناسراوە، ئەمەش دەکرێ لەگەڵ مۆدەکانی قژ تێکەڵ بکرێن، وەك ئەوەی بڕینی سەرح لەگەڵ تەسریحەی کاریَ یان قژی کورت، دەبێتە مۆدەیەکی رازاوە و جوان. بۆیە دەکرێ بیر لە تێکەڵی نێوان شێوەی بڕینی قژ و جۆری تەسریحەکان بکەینەوە، بەمەش دەبێتە مۆدەیەکی جوان و رازاوە.




بەرپرسی فایلی ڕەنگاوڕەنگ: مەهدی حاجی ساڵح
بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :
Mobile: 07504679560 Email: reng@gulan-media.com iwan_gardi2009@yahoo.com



# میسی داهاتووی کوردستان

زۆرجار لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکانەوە ئاشنا دەبین بە داهێنان و ئاست بەرزی منداڵانی جیهان لە ڕووی داهێنان و توانای جەستەیی و هونەری، منداڵانی کوردستانیش بەدەر نین لە منداڵانی تری جیهان لە بە دیارخستنی توانا جەستەییەکان و ئەو داهێنانەی کە دەیکەن، بەمەش هەموو لایەك بە بیستنی یان بینینی توانای ئەم منداڵانە دڵخۆش و سەرسام دەبێت، ئەمەش نموونەی ئەو منداڵە کوردەیە کە دەتوانێت بە بەهرەو تونابییەکەی کەسانی چواردەوری خۆی سەرسام بکات بەو لێهاتووییەی کە لە یاری تۆپی پێ ئەنجامی دەدات، ئەویش محەمەد فەیسەڵ-ە کە هاوڕێکانی بە (لاوە یان میسی) بانگی دەکەن، تەمەنی (٩) ساڵە و درێژی باڵای نزیکەی مەترێك دەبێ.

ئەوەیە میسی داهاتووی کوردستان یاریزانێکی باش و بەهێزە لە یاری تۆپی پێ، کاتێك لە نزیکەوە سەیری توانا و بەهرەی ئەو منداڵەمان کرد لەگەڵ هاوڕێکانی یاری دەکرد، وەکو میسی بە جووڵە هونەرییەکانی سەرسامی کردین، دەکرێ سوودێکی گەورە لەو داهاتووە وەربگیرێ بۆ ئەوەی ببێتە یەکێك لە یاریزانە گەورەکان لە داهاتووی وەرزی کوردستان.

ئەوەی سەیرە هاوڕێکانی دەبن بە لای لاوە ئەگەر لە نێو خۆیان یاری بکەن، چونکە یارییەکی جوان و سەیر پێشکەش دەکات.



# پەیکەرە سەیر و سەمەرەکان

کاتێك بیرۆکە سەیرەکان دەکرێن بە کاری تایبەت و تەنانەت لە بواری جێبەجێکردندا، وەك یەکێك لە سەیرترین کەرەستەکان دەردەکەوێ و کارێکی تایبەت و دیمەنێکی سەمەرە دەبەخشێ، لە دواترین کارەکانی پەیکەر و نەحتدا، هەڵسان بە دروستکردنی چەند پەیکەر و شێوەیەکی جوان و سەیر.

لەلایەن کۆمپانییەکی وڵاتی چیك، توانیان سەیرترین و جوانترین پەیکەرەکان دروست بکەن، ئەوەی سەیر بێ پەیکەرەکان لە شێوەی ڕاستەقینە دەردەکەون و دەبن بە یەکێك لە جوانترین و سەرەنجڕاکێشترین بەرهەمەکانی بواری پەیکەر و نەحت لە هونەری وێنەکێشی و پەیکەرەکان.







## هاندەرە سەیرەکان

دیمەنێکی سەیر و جوان، ئەمەش کاتێك هاندەرانی هەڵبژاردەکانی مۆندیال، هەر یەکە بەپێی حەز و خواستی خۆی، هانی هەڵبژاردەکەی دەدات بۆ ئەوەی نازناوی ئەو مۆندیالە بەدەست بهێنن، تەنانەت ئافرەتانیش دەبنە هاندەر و شانبەشانی پیاوان لە کاری جوان و سەیردا دەبن.

ئەوەی دەیبینن بریتییە لە دوو هاندەری ئەرژەنتینی و هاندەرێکی ئیسپانیا، کە هەر سێکیان ئافرەتن و لە ناوەڕاستی شەقامێکدا بۆ ئەوەی ئەو یاریە بچووکە، مانای یاری کۆتایی دەدات و دەبینن چۆن ئافرەتەکان یاری تۆپی پێ دەکەن!





## گەورەترین ریكۆدەر


دروستكردنی كەرەستە گەورە و سەیرەكان دەبن بە یەكێك لە هەنگاوە سەیرەكان لە بواری كاری تایبەتمەند و تازەگەری، ئەمەش وادەكات كە بەرهەمێكی تایبەت و سەیر دەربكەوێتێ و ببێتە لایەنێكی تایبەت و رازاوە لە كارە سەیرەكان، ئەگەر سەیرێكی ئەو ئامێرە بكەین، ئەوەندەی پاسێكی هاتووچۆ گەورە دەبێ.

دروستكردنی ئەو كەرەستەیە دەبێتە یەكێك لە كەرەستە سەیرەكان، كە وەك ریكۆردەرێكی تایبەت و سەیر دروستكراوە، دەكرێ لە ئاهەنگ و بۆنە تایبەتەكان كاری پێبكرێ، لەگەڵ ئەوەشدا دیكۆرێكی جوانی دەبێ لە شوێنە گشتی و تایبەتیەكاندا.

## بووك و زاوای ماسی

ئەوانەی دیانەوێ جیاواز و بە شێوەیەكی سەیر دەربكەون لەگەڵ هەر خەڵكێكی ئاسایی، هەوڵدەدەن كە كارێكی وا بكەن لە جێگەی شیاوی و جوانی ئەو رێگەیە بێ، كە بۆ مەبەستێكی خۆشی یان نازناوێك كاری لەسەر دەكەن، رێگەكانی ئاهەنگی هاوسەرگیری بە چەندین لایەنی سەیر و جوان دەردەكەون.

كەچی ئەگەر سەیرێكی ئەو ئاهەنگە هاوسەرگیرییە بكەین، سەیرترین حاڵەتی لێوە دەبینین و دەبێتە یەكێك لە ئاهەنگە سەیرەكان، چونكە ئاهەنگەكە لە ژێر ئاودا بەرێوەچووە ئەمەش لە وڵاتی فلیپین بوو، كە تەنیا بە ئامادەبوونی بووك و زاوا و كەس و كاری خۆیان، كەچی ئامادەبووان لە سەرەوە لە چاوەڕانی بووك و زاوای ماسی بوو





## جەستەی منداڵێك موگناتیسە

ئەوانەی خاوەن بەهرەی سەیرن، لە دوو لایەن پێیان دەگات، ئەوانەی لە سەرەتای لە دایك بوونیان بەهرەكەیان دەبێ، یان بە رۆیشتنی ژیانیان بەهرەكەیان بۆ دەردەكەوێ، كەچی ئەو منداڵە حاڵەتێكی سەیر و سەمەرە لە خۆ دەگرێ، ئەمەش كاتێك لە منداڵییەوە جەستەی بەهرەیەكی سەیری لە خۆ گرتووە.

(هانیە سەعید)ی تەمەن (٨) ساڵ، جەستەی وەكو موگناتیس وایە، هەر كەرەستەیەكی ئاسن یان ماددەیەكی وەك ئاسن بێ، جەستەی ئەو منداڵە رایدەكێشێ، تەنانەت كەسیش نازانێ هۆی ئەو لایەنە چۆنە لە جەستەی ئەو منداڵە دەركەوتووە.



## (٦) ساڵە ئاوی نەخواردۆتەوە

هەندێك لە نەخۆشییەكان كاتێك تووشی مرۆڤ دەبن، وەك یەكێك لە سەیرترین حاڵەتەكان دەردەكەون، ئەمەش وادەكات كە ببێتە حاڵەتێكی سەیر لە بەرچاوی گشت خەڵكێك، ئەوەی دەبینین ئافرەتێكە تووشی سەیرترین نەخۆشی بۆتەوە، نەخۆشییەكەشی بریتییە لە تینوو نەبوون، كە ماوەیەكی زۆرە ئاوی نەخواردۆتەوە.

ئەو ئافرەتە لە وڵاتی یەمەن دەژی، ناوی (عائیشە)یە و نزیكەی (٦) ساڵە ئاوی نەخواردۆتەوە، ئەمەش لە پرێكدا كە ئەو نەخۆشییەی تووش بووە و لە جێگەی ئاودا، تەنیا زۆر چای دەخواتەوە، بەڵام چای وەك ئاو نابێ و هەردەم ئاو لە هەموو شلەیەك پێویست تر و بە سوودترە بۆ مرۆڤ





# ئەو منداڵەی بە (٣) دڵ دەژی

ئەو منداڵە بچکۆڵەیە تا ئێستا بۆ جاری سێیەم دڵی بۆ چانراوە، (ئیمی) ئەو کچەیە کە لە تەمەنی (٢)ساڵی تووشی نەخۆشییەك هات، کە دڵی وەستاند، بۆیە دەستبەجێ کاریان کرد لەسەر دانانی دڵێکی دیکە بۆی، کەچی وادیارە هەمان نەخۆشی بەم دواییە لەسەری دەرکەوتووە، ئەمجاریان بۆ جاری دووەم دڵێکی دیکەی بۆ چێنرا.
بە چاندنی دڵی دووەم، واتە ژیانی لەسەر دڵی سێیەم دەچێتە سەر، چونکە دڵێکی خۆی و یەکێکی چێنراوی لە جەستەی دەرهێنراوە، پێشبینی دەکرێ ئەمجاریان دوا جارە بۆ لەدەست دانی دڵی، کە تا ئێستا تەمەنی نەگەیشتۆتە (٥) ساڵ.

## نوکـــتە

☺- منداڵ: دایە، ئەوە شتەی ناو سکت چییە؟
دایک: ئەوە برا یان خوشکی تۆیە. کورم.
منداڵ: خۆشت دەوێت؟
دایک: بەڵێ.
منداڵ: ئەی بۆ خواردووتە!!!

☺- ژنێک مەرێکی کڕیوە و قەسابێکیشی بانگ کردووە تا بۆی سەربڕێت بۆ ئەوەی بیکات بە قوربانی.
بەر لەوەی قەسابەکە مەڕەکە سەر ببڕێت ژنەکە ئەڵێ:
"ئـــەم مـــەڕەم خێر بێت بۆ دایک و باوکم لە بەریتانیا، بۆ خوشـــکم و خێزانەکەی لە ئەڵمانیا، بۆ خاڵ و خاڵۆژنم لە سوید، ..."
کابرای قەساب قسەکەی پێ ئەبڕێت و پێی ئەڵێ:
"ئەرێ خوشکم تۆ گۆرانی داواکراو پێشکەش ئەکەیت یان قوربانی ئەکەیت؟

# شێوە سەیرەکانی جەنتای ئافرەتان







کەرەستە پێویستییەکانی ڕۆژانەی مرۆڤەکان تا دێت گۆڕانکاری لە شـێوە و قەبارەو دیزاین و ڕەنگەکانیان دەکرێت بۆ ئەوەی لەلایەك سەرنجڕاکێش بن و لەلاکەی دیکەش بۆ ئەوەی پڕ فرۆش بن، بە تایبەت کەرستەکانی تایبەت بە خانمان کە بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدان ببنە خاوەنی تازەترین و سەرنجڕاکێشترین لە مۆدێلەکان.


ئەوەی دەیبینین جۆرە جەنتایەکی دەستی ئافرەتانە، لەسەر چەندین شێوەی جیا و سەیر دروست کراوە، شێوەکانیش بریتیین لە: چەك، کاسێت، پێڵاو، ڕیکۆردەر! کە ئەوانەش تەنیا بریتی نین لە کەرەستەیەکی سادەی ئافرەتان، بەڵکو مۆدێیەکی پێچەوانەیە بۆ ئەوەی ئافرەتان پێوەی دەربکەون.



**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**
ئەوەندە بە ڕەشـــبینی بیر مەکەوە و دڵت فراوان بێ، لە ڕەخنە مەترســـە. کارە گرنگەکانت بۆ ماوەیەکـــی دیکە هەڵبگرە و بە نیازێکی تازەوە بیر بکەرەوە و لە هەســـتی خۆشەویستت بگە، کەسێك لەدڵەوە بۆت دێتە پێشـــەوە. ئەو کەســـەی نیازی دڵی تۆی هەیە لە چاوەڕاونیت دا دەبێ.


**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**
دەبێ لە یەکێکتان هەنگاوێك هەبێ، بەرەو ڕووی خۆشەویســـتەکەت بەرەوە تاوەکو تەواو لەیەکتری دەگـــەن. خـــۆت ئازار مـــەدە بەهۆی قســـەی دەورووبەرت. ئاگات لەجلوبەرگت بێت. پێویســـتە لە گرفتەکانت بکۆڵیتەوە. لەکارەکانت تووشـــی دەردەسەری دەبیت، دڵت فراوان بێ لە ڕەخنە مەترسە.


**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**
ئـــەم ماوەیـــە دەبێتـــە کاتێکی بەســـوود تاوەکو کێشـــەکانت چارەســـەر دەکەیت، ڕێگەیەکی سادە هەڵبژێرە تاوەکو گرنگی بـــەکارە تایبەتیەکانت بدەیت و ئەمەش هۆکارێکە بـــۆ گونجاندنت لەگەڵ کەســـانی دەورووبەر و دڵی خۆشەویستەکەت مەشکێنە، چونکە هەڵە دەکات و پەشیمانە.


**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**
ڕەشـــبین مەبـــە بەرامبەر ژیان، ئـــەو ڕێگەیەی گرتۆتەبـــەر بـــەرەو کامەرانیت دەبـــات. ئاگات لەبواری دارایت بێ. لەکارەکەت زۆر ســـەرکەوتوو دەبی و دەبێتە ڕەزامەندیی بەرپرســـەکەت. ئاگاداری هاوڕێکانت بە تەنیا پشت بەتواناکانی خۆت ببەستە.


**شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢**
ئەم هەنگاوانەی ڕابـــردووت کارێکی جوانن بۆت، بەڵام تۆ واهەست دەکەیت کە پەشیمانیت پێوە دیارە، ماوەی داهاتووت بەرەو خۆشـــیە و مەهێڵە گرفتە بچووکەکان ببێتە کۆسپ بۆ ئەوەی بکەویت و ڕێگەکانت لێوە بزر بێت. ڕێگەی سادە بگرە لە ڕووبەڕووی بوونەوەی گرفتەکان.


**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**
ســـادە و ســـاکاری تۆ وایکردووە کە ســـەرقاڵی و بیرکردنەوەت لەم کێشـــەیەی ماوەیەکـــە بێتاقەتی کردووی زۆر بەسانایی وەربگرە، دڵنیابە ئەو کێشەیە لەبەرژەوەندی تۆدا دەبێت لەکۆتایی دا، کەسێك حەز بەخۆشەویستی دڵت دەکات و تۆش هەنگاوێکی بۆ بهاوێژە..

ئامادەکردنی: داریۆ

## بم دوێنە

گیانە وەرە
خەمی دووریت
کۆڕی شەوی لێ
شێواندم

دەستی ڕەقی
یادەکانت چەند
پەڕەی شیعری
دڕاندم

گیانە وەرە با
لێوەکان زەردو
وشک هەڵنەگەڕێن

وەرە با ڕۆژانی
تەمەن وەکو
گەڵای دار نەوەرێن




## ئاسۆیی:

١- کچە هونەرمەندێکی کوردە خاوەن وێنەکە
٢- لاو(ت)- دراوێکە- سێ پیتی میوە
٣- دراوێکە(پ)- شارێکی ئێرانە(پ).
٤- دوو پیتی سبەی- واحدە(ت).
٥- نیوەی نیون- جۆرە بۆنێکە- باڵندەیەکە.
٦- دوو پیتی عەبد- وەکو یەك- خۆم.
٧- شارێکی سعودی یە(پ) پایتەختی ئەوروپییە – نیوەی زەیت.
٨- شاعیرێکی کۆنی عەرەبە- ژمارە یەکە.
٩- چەکێکی کۆنە- شەپرێو(پ) وەکو یەك.
١٠- پایتەختی وڵاتێکی عەرەبییە(پ)- وەکو یەك – خۆشەویستی غەزال.
١١- سەرۆکی وڵاتێکی عەرەبییە سەردانی کوردستانی کرد.
١٢- کچە گۆرانی بێژێکی عەرەبییە.

## ستوونی:

١- کچە گۆرانی بێژێکی لوبنانییە
٢- سەرۆکی وڵاتێکی عەرەبی بوو(پ).
٣- خێرا- دوو پیتی جەر- سێ پیتی جیاواز.
٤- سەمیر(ت).
٥- دوو پیتی عەلی- نیوە برۆن- ئاخافتن.
٦- وڵاتێکی ئەوروپییە(پ)- بەشێکە لە لەش.
٧- زار(ت)- دوو مەزهەبن لە عێراق
٨- احتیاگ- دراوێکە.
٩- نیوەی داود- نیوەی بەفر.
١٠- جۆرە فلیمێکی ئەمەریکییە(پ)- ١٢ مانگ (پ).
١١- یاریزانێکی هەڵبژاردەی عێراق.
١٢- هونەرمەندێکی کوردە خاوەن وێنەی دووەم.



ئا: فەرهاد محەمەد ئاژگەیی

## بۆ زاخاوی مێشک



بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

هەوڵبدە ناوی نهێنی لەم ئاسانکاریانە بدۆزیتەوە ئەمەش لە ڕێگەی دانانی هەر پیتێك لەناو بازنەیەك بۆ ئەوەی ناوی تەواو دەربچێت..

**ئاسانکاری**


- بازنەکانی (٣+٤+٥) بە مانای پیاو بە زمانی ئینگلیزی.
- بازنەکانی (٥+٢) دەکاتە ئەنجامی (٣ جاران ٣)...
- بازنەکانی (٣+٤+١) شتێکە نێوان مرۆڤ دەکرێ، دەرگای خۆشەویستی، هەست گۆڕینەوە.
- بازنەکانی (١+٢+٥) ئاوەڵناوی پرسە بۆ شیکردنەوە و زیاتر ڕوونکردنە

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (سلێمانی) بوو




### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

دڵنیا بوون بە خۆت دەبێتە ڕێگەیەك بۆ سەرکەوتن و بزانە مەبەستی چییە لە داواکارییە تایبەتیەکان. ڕاستگۆییت ئەنجامەکانی بۆت دیارکەوتووە و بە شێوەیەکی باش بۆت گەڕاوەتەوە، بواری پێوەندییەکانت بەرەو باشی چووە و ڕێگەیەکی چاکت گرتووە لە گرنگیدانت بە بوارە تایبەتییەکانت.



### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

لەبواری سۆزدارییەوە بەرەو باشی دەڕۆیت، لەوماوەیەدا تووشی هەندێ گرفتی خێزانی دەبیتەوە. پێویستیت بە پیاسەکردن هەیە بە تەنها بۆ چاکبوونەوەت لەگەڵ هەست و سۆزەکان. خاوەن کەسایەتییەکی توڕەی ئەگەر وابڕوات تووشی کێشەی گەورەتر دەبیتەوە.




### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

ئەو ئاواتەی لە دڵتە بۆت جێبەجێ دەبێت، بەڵام پێویستیان بە کاتە و ئەمەش لە ماوەیەکی نزیکدا دەبێ، کەسێکی تازە دەناسیت. ئەمەش چاك نییە بۆت کە وا بیر بکەیتەوە و مەترسە لەداهاتوو چەند کارێکی تایبەتی خۆت لە بیرچووە و بتوانە زیرەکانە بجوڵێیتەوە، چونکە چاودێریت لەسەرە.



### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

مەهێڵە ڕێگەکانت لێوە بزر بێت. ڕێگەی چارەسەری لەلای تۆ دەبێ بۆ گرفتەکان. ئەم هەنگاوانەی ڕابردووت کارێکی جوانن بۆت، بەڵام تۆ واهەست دەکەیت کە پەشیمانیت پێوە دیارە، ماوەی داهاتووت بەرەو خۆشییە و مەهێڵە گرفتە بچووکەکان ببێتە کۆسپ بۆ ئەوەی بکەویت.



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

لە داهاتوودا کارەکان بەدڵی تۆیە و مەهێڵە کاریگەری کەسێك ببێتە هۆی ڕووخانی ژیان و حەزەکانت. بۆئەوەی لەخەون و ئاواتەکانت نزیك بیتەوە، ئەو کاتەی ئێستات گرنگە بۆ دەستنیشانکردنی داهاتوو و وەرگرتنی هەستەکانت لە کەسی بەرامبەر. بتوانە زیاتر کاریگەر نەبیت بە هەڵەکانت.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

شێوازی بیرکردنەوەت بگۆڕە و هەست بکە ژیانێکی تازەیە. ڕێگەی تازەت ئەنجامێکی گەورەی دەبێت و لەگەڵ ئەوەی دڵی ئەو کەسە تەنگ مەکە لە بارەی کێشە بچووکەکانی نێوانتان، لەم کاتەدا پێویستیت بە کەسێکە بۆ ئەوەی ئەرکەکانت لەسەر کەم بکاتەوە، ئەمەش لە ڕێگەی داواکردنی یارمەتی دەبێت.

hemntoni@yahoo.com

# گەورەترین پایسکلی ٢٠١٠

ئەوەی دەیبینن بریتییە لە گەورترین کەرەستەکان، کە دروستکراوە بە مەبەستی کاری سەیر و تایبەت، تەنانەت دروستکردنی کەرەستەی لەمجۆرە دەبێتە سەر ئێشە بۆ ئەوەی چۆن بگوازرێتەوە یان کاری پێبکرێ، لێرەدا دەکرێ سوودی ئەمجۆرە کەرەستانە تەنیا بۆ جوانی و رازوەیی بێ، وەکو ئەو پایسکلیەی دەیبینن کە چۆن بەم شێوەیە دروستکراوە.

درێژی ئەو پایسکیلە دەگاتە (٥) مەتر و هەروەها بەرزایی نزیکەی (٤) مەتر، ئەمەش دەبێتە یەکێك لە گەورەترین و سەیرترین پایسکلەکان کە لە جیهاندا هەبێ.




# مرۆڤ دەتوانێ خۆی ون بکات!





ئەوانەی خاوەن بیرۆکە و کارە سەیرەکانن، دەتوانن لە بیرۆکەی بچووك کاری وابکەن کە جێگەی سەرسوڕمانی گشت کەسێك بێ، ئەمەش وادەکات دەبێتە یەکێك لە بیرۆکە سەیرەکان، بۆ ئەوەی لە رێگەی ئەو کارانەوە، شیاوی سەرسوڕمانی گشت لایەنێك بێ و بە تایبەت لە لایەنی تایبەتمەندی و سەیر بووندا.

ئەو وێنەگرەی دەیبینن لە وڵاتی چین دەژی، بەهۆی بیرۆکەیەك کە چۆن خۆی ون بکات، توانی رەنگەکان تێکەڵ بکات و ببێتە یەکێك لەو مرۆڤانەی لە ماوەیەکی دوورەوە دەتوانێ خۆی ون بکات. وەکو لە وێنەکاندا دەبینن کە چۆن خۆی لەگەڵ رەنگ و شێوەی دیوار کردۆتە یەك

# ئەوانە پیاون یان ئافرەتن

ئەگەر لە دوورەوە سەیرێکی ئەو وێنەیە بکەین، دەبینن کۆمەڵە کچێك لەلای خانمە بووکێك وەستاون، کەچی ئەگەر لە نزیکەوە سەیریان بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە تەنیا خانمی بووك ئافرەتە و ئەوانەی دیکەش پیاون، ئەو حاڵەتە وەك نەریتێکی سەیر و جوان، لەلای (نەمسا)یەکان هەیە، کە گەنجەکان لە رۆژی ئاهەنگی هاورێیەکی کچیان، خۆیان دەکەن بە کچ و بۆ ئەوەی پاڵپشتی لە هاورێکەیان بکەن لە رۆژی ئاهەنگی بووکینی.

سەیری ئەو وێنەیە لەوەدایە کە بە جلێکی رووت و سەیر دەرکەوون، تەنانەت وەك شێوەی پیاوەکان وەك ئافرەت دەرکەوتوون!



# گۆشتی جورج لە گۆشتی بەرخ چاکترە





خواردنە سەیرەکان بە چەندین شێوەی تایبەت و هەر یەکە بەپێی شێوازێکی تایبەت بە خۆی ئامادەی دەکات، بەهۆی زۆری ئەو خەڵك و نەتەوانەی لە جیهاندا دەژین، ئەوەی دەیبینن لە وڵاتی ڤێتنامە، کە چۆن سەیرترین و قیزەوەنترین گیاندار سوور دەکەننەوە و دەیخۆن، تەنانەت گاڵتەش بە خواردنی ئێمە دەکەن.

وەکو ئەو ئافرەتە دەڵێ: خواردنی جورج یەکێکە لە خواردنە بەسوود و بەتامەکان، سەیرم بەو کەسانە دێ کە گۆشتی گا و بەرخ دەخۆن، چونکە ئەو جۆرە گیاندارانە تەنیا گژو گیا دەخۆن، کەچی جورج گشت جۆرە خواردنێك دەخوات.